

یەکشەممە 2010/9/5
ژمارە 294

# دلێر حاتەم : زوڵمێکی گەورەم لێدەکرێت کە بانگهێشتی هەڵبژاردەی کوردستان ناکرێم



گۆڵچی هەندرێن لە گرتەیەکدا



دلێر حاتم خدر یەکێکە لە گۆڵچییە بە تواناکانی کوردستان، بەهۆی ئاست بەرزی و چاو نەترسی هەر زوو توانی جێگەی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی یانەی هەندرێن بکاتەوە،ناوبراو لە دایکبووی شاری هەولێرە و ژیانی هاوسەری پێک هێناوە.

***سەرەتای دەستپێکردنت بەیاریی تۆپی پێ دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟**

-سەرەتا وەکو هەموو یاریزانێک لە تیپی میللییەوە دەستم بەیاریکردن کرد، پاشان لە ساڵی 2008 پەیوەندییم بەیانەی هەندرێن کرد تا ئێستاش لەگەڵیان بەردەوامم.

***کێن ئەوانەی پاڵپشتیان لێ کردی بۆ گەیشتن بەو ئاستە بەرزە؟**

-حاکم جەمال سەرۆکی یانەکە و کاک شکاک و هاوسەرەکەشم رۆڵێکی گرنگی هەبوو.

***ئایا ئەم وەرزە یانەکەتان دەبێتە پاڵەوان؟**

-پەنا بەخوا ئەگەر هیچ کێشەو گرفتێکمان نێتە ڕێگا دەتوانین ئەمساڵ بۆیەکەمجار جامەکە بەرز بکەینەوە.

***کێشە و گرفتتان چییە لە یانەی هەندرێن؟**

- وەکو یاریزانان هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لەگەڵ یانەکە.

***جگە لە یانەی هەندرێن هیچ یانەیەکی تر بۆندی پێشکەش نەکردووی؟**

-نەخێر، ئەگەر بۆندیشم بۆ بێت رەتی دەکەمەوە.

***کام یانە رکابەریتان دەکەن بۆ بەدەستهێنانی خولی کوردستان؟**

-یانەکانی هەولێر و دهۆک و بروسک رکابەری سەرەکیی ئێمەن.

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشچوونی خولی کوردستان؟**

-گرنگیدان بەیاریزانی لاو و کردنەوەی قوتابخانە بۆ پێگەیاندنی یاریزانان لە یانەکان، هەروەها ڕاگەیاندنیش رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت بۆ بەرەوپێشچوونی خولی کوردستان.

***بۆچی تا ئێستا بانگ نەکراوی بۆ هەڵبژاردەی کوردستان؟**

-هەست دەکەم زوڵمێکی گەورەم لێدەکرێت کە بانگهێشت ناکرێم بۆ هەڵبژاردەی کوردستان.

***ئەو یارییەی کە هەرگیز بیرت ناچێتەوە؟**

-یاریی هەولێر لە وەرزی ڕابردوو.

***بە چ گۆڵچییەکی جیهان سەرسامی؟**

-کاسیاس لە یانەی ریاڵ مەدرید.

***لە چی پەشیمانی؟**

-تەواونەکردنی خوێندن .

***لە کۆتاییدا چیت ماوە بڵێی؟**

-زۆر سوپاسی رۆژنامەکەتان دەکەم هیوادارم بەردەوام بن لە بەرەوپێش چوونی بزاڤی وەرزش لە کوردستان

**دیمانە : ڕزگار عەبدوڵڵا**

# جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپیی کوردستان: مووچەی کەسمان کەم نەکردووەتەوە



**مامەیارە ئەحمەد**

جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان سەلاح حەسەن خەسرەو خستییە ڕوو، کە ئەوان مووچەی هیچ کەسێکیان کەم نەکردووەتەوە، هاوکات خستییە ڕوو کە ئەو مووچەکەمکردنەوەیەی کە باس دەکرێت، بە هۆی گۆڕینی کارەکانی کارمەندانەوەیە.

سەلاح حەسەن ئاشکرای کرد: ئێمە مووچەی هیچ کەسێکمان کەم نەکردووەتەوە، ئەوانەیش گۆڕانکاری بەسەر مووچەکانیاندا هاتووە، بە هۆی گۆڕینی کاریانەوەیە، بۆ نموونە کەسانێک هەن کاریان گرانتر بووە، ئەوا مووچەیان بڕێک زیاد کراوە، بە پێچەوانەیشەوە هەیە.

جێگەی بیرهێنانەوەیە ئێستا لیژنەی ئۆلۆیمپیی هەرێمی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە مووچەی چەند کەسێکی کەم کردبێتەوە و چەند کارمەندێکیشی دوور خستبێتەوە.

# تارا عەبدولڕەحمان: هاندەرێکی سەرسەختی یانەی هەولێرم چونکە ناوەکەی زۆر پیرۆزە



تارا عەبدولڕەحمان ساڵانێکی زۆرە خزمەت بە هەردوو بواری هونەر و ڕاگەیاندن دەکات، توانیویەتی سەرنجی بینەرێکی زۆر بۆ خۆی رابکێشێت،لە دەرفەتێکدا خەبات وەرزش کۆمەڵێک پرسیاری تایبەت بە وەرزشی لێکرد ئەویش بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی داینەوە:.

سەرەتا خاتوو تارا ئاماژە بەوە دەدا کە زۆر حەز بە وەرزش دەکات چونکە وەرزش تەندروستییەکی باشت پێ دەبەخشێت بەڵام هەر وەکو خۆی دەڵێ ئەو کاتەم نییە ئەنجامی بدەم. تارا زۆر حەز بە سەیرکردنی تۆپی پێ دەکات و ئەو کاتانەش کە بەرازیل یاری هەیە زۆر بە پەرۆشەوە سەیری یارییەکە دەکات، بەڵام ئەو کاتانەی کە هەر هەڵبژاردەیەک یاری هەیە لە ماڵەوە ببێتە دەنگە دەنگ و چەپڵە ئەویش لەگەڵ ئەوانە.

هەروەها تارا سەبارەت بەو کەسانەی کە وەرزش ناکەن دەڵێ: لە ڕێگەی خەباتی وەرزش خۆشەویستەوە پێیان دەڵێن ئەگەر دەیانەوێ تەندروستیەکی باش و لەشێکی ساغیان هەبێت و کێشیان زیاد نەکات و تەمەنیان درێژ بێت پێویستە وەرزش بکەن و خۆیان لە وەرزش نزیک بکەنەوە. سەبارەت بەو یارییە وەرزشیانە کە لە ناو پارکەکان دانراوە دەڵێ: من دەیگەڕێنمەوە بۆ عادەت و تەقالید، چونکە تاوەکو ئێستا لە کۆمەڵگای کوردی عەیبە ئافرەت لە دەرەوە وەرزش بکات، هەروەها ئەو شوێنانە شیاونییە چونکە کراوەیە و خەڵکانێکی زۆر بەوێدا پیادە دەکەن زۆرجار گوێم لەوە بووە کە ئافرەتێک لە ناو ئەو پارکانە یاری کردووە بە تایبەت ئەو یارییەی کە سوڕانە کە شێوازێکی رەقسی تێدایە، زۆرجار کوران توانجیان لێداوە وتوویانە با جارێکی تریش بەوێدا بڕۆین زۆر جوان رەقس دەکا، من بە شتێکی زۆر باشی دادەنێم کە لە زۆربەی شوێنەکان دانراوە ئەگەر شوێنێکی تایبەت بە ئافرەتان هەبێت داخراو بێت لەو شوێنانە ئەوا ئافرەتەکان زۆر لە وەرزش نزیک دەکەونەوە. هەروەها هاندەرێکی سەرسەختی یانەی هەولێرە هەروەکو دەڵێ"ئەو کاتانەی کە یانەی هەولێر دەباتەوە زۆر دڵخۆش دەبم و هاندەرێکی سەرسەختی یانەی هەولێرم چونکە ناوەکەی زۆر پیرۆزە.

**دیمانە: توانا حوسێن شێخانی**

خاوەنی ئیمتیاز
**عەلی عەبدوڵڵا**
سەرنووسەر
**نەژاد عزیز سورمێ**
nazhad@xebat.net
سەرپەرشتیار
**هاوار مورتکەیی**
Mob:0750 447 5407
hawarmurtkaee@yahoo.com
چاپخانەی موکریانی